# ئایا سەركەوتنی حەماس دەبیتە هۆی گۆرینی شیوازی كاركردن و بیركردنەوەی بزووتنەوە هاوشیوەكانی لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا؟! ... خالید گەردی

هەلبژاردنەكانی ئەم دواییەی فەلەستین و سەركەوتنی بزووتنەوەی حەماس تیایدا، نەك هەر رەوشێكی نوێ و گێژەنەیەكی سیاسی لە ناوچەكە هینا ئاراوە، كە پێچەوانەی پێشبینی زۆربەی هەرە زۆری چاودێرە سیاسییەكانیش بوو و، بووە مایەی سەرسورمان و جیگای سەرنج و سەرهەلدانی چەندین پرسیاری وروژێنەر!.
لێرەدا نامەوێت باس لە چۆنیەتی سەرهەلدان و مێژووی ئەو بزووتنەوەیە بكەم، كە چۆن لە قۆناغی هەلگرتنی دروشمەوە بووە واقیعێكی كاریگەری سەر گۆرەپانی سیاسی فەلەستین، كە تە نیا توندوتیژی لە دژی ئیسرائیل پەیرەو دەكرد و تەنانەت لە سالی 1996دا، تا بەشداریكردنیان لە هەلبژارنەكاندا بە شەرعیەت دانێك لە لایەن حەماسەوە بە ریككەوتنامەی ئۆسلو ئەژمار نەكرێت، بەشدارییان تیادا نەكردو ئێستاش نەك هەر بەوە رازی بوون بەشداری تیادا بكەن وبەلكو هەندی نەرمیش دەنوێت بە تایبەتیش پاش ئەوەی توانیان دەسەلات لە دەست بزووتنەوەی فەتحیش دەربێنن، كە بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ كۆنترۆلی گۆرەپانی فەلەستینی كردبوو.
دوور لە بۆچوونەكان، با باس لە سیناریۆ و نەخشە بۆ كێشراوەكانی پشت پەردەكانی سیاسەت بكەین و بپرسین ئایا كی لە پشت سەركەوتنی حەماس دابوو، بە تایبەتیش سەركەوتنەكانی حەماس هاوكات بوو لە گەل پێشنیارەكەی ئوسامە بن لادنی سەرۆكی رێكخراوی تیرۆریستی قاعیدە، كە بۆ یەكەمین جارە لە مێژووی ئەو ریكخراوە ئوسولیە، كە لە كوشتن و برین زیاتر باسی هیچی دیكەیان نەدەكرد، ئێستا باس لە ئاوەدانكردنەوەو بنیاتنان دەكەن و ئوسامە لە پێشنیارە بێوێنەكەیدا داوای راگرتنی شەروشۆر دەكات و دەلێت با ئەو پارەیەی كە لە كوشتن و برین خەرج دەكرێت، ئەفغانستان و عیراقی پی ئاوەدان بكریتەوە!
زۆربەمان سەركەوتنی ئیسلامییە ئوسلیەكانی جەزائیرمان لە هەلبژاردنەكانی ئەو ولاتە لە یادە، كە لە جیاتی وەرگرتنی دەسەلات چارەنووسیان بە چی گەیشت، ئەی ئێستا ئەمریكاو ولاتە هاوپەیمانەكانی چۆن رێگا بە بزووتنەوەیەكی ئیسلامی توندرۆ و تەكفیری دەدەن، كە تا رۆژێك پێش سەركەوتنی، داوای لە ناوبردنی ئیسرائیل و جوولەكەكانی دەكرد، بەلام پاش دەركەوتنی دەرەنجامەكان و سەركەوتنی لە هەلبژاردنەكان، باس لە ئەگەری بەردەوامبوونی پرۆسەی ئاشتی لەگەل ئیسرائیلدا دەكەن، تەنانەت ئەندامێكی پایەبەرزی ئەو بزووتنەوەیەش بە ئاشكرا گوتی: ئێمە ئەمریكا بە دوژمنی خۆمان نازانین و هیچ پرۆسەیەكی ئاشتیش، بە بی بەشداری و پشتیوانی ئەمریكا سەركەوتن بەدەست ناهێنیت؟!
من نالێم، پاش ئەو ماوە زۆرەی كە دەسەلات بە دەست بزووتنەوەی فەتح بوو ، تا رادەیەك جەماوەری فەلەستینی تووشی نائومیدییەك كردبوو لەو دەسەلاتە، كە نەیتوانی خۆزگەو ئاواتەكانیان بێنیتە دی و بە تایبەتیش جگە لەوەی لە چەسپاندنی یاساو كۆنترۆلكردنی ئاسایش و باشتركردنی باری گوزەرانیان سەرنەكەوتن، بەلكو خودی بزووتنەوەكەش تووشی لەت لەت بوون و بیروراى جیاجیا بۆوە، ئەمانە هەر هەموویان ناكرێت بە تاكە هۆكاری

دابەزینی جەماوەر فەتح و بەرزبوونەوەی جەماوەری حەماس بزانریت، یا بە واتایەکی تر تاکە هۆکاری سەرکەوتنی حەماس لەو هەلبژاردنەدا دابندرێت، بەلکو سەرەڕای ئەمەش هۆکاری شاراوەی تریشی لە پشتەوەیە، لە پێشەوەش شل کردنی پەتەکەیە لە لایەن هەر یەك لە دەسەلاتی فەلەستینی و خودی ئیسرائیل و ئەمریکاش، کە لە وانەیە بەم کارانەیان ویستبێتیان لەمەو دوا پاش ئەوەی دەسەڵات دەکەویتە ئەستۆی، حەماس ناچار بیت لە چوارچێوەیەکی یاسایدا کار بکات و بە بەریوەبردنی دەسەلات سەرقال بیت، چونکە شتیکی روونە کە بە بی چاوپۆشی ئەمریکاو هاریکاری ئیسرائیل، کارێکی مەحاڵ بوو، هەروەها سیناریۆکە، بە روونیجۆرە نەرمی نواندنێکی زەقی پێوە دیاربوو لە مامەلە کردن لە گەل حەماسدا، بە تایبەتیش کاتێك دەبینین هەندی ولاتی ئەوروپا داوای جۆرە لێبوردنێکیان لە مەر لێدوانەکەی خافیر سولانای ریچکخەری یەکێتییەکە لە حەماس کرد، کە گوتبووی ئەگەر حەماس بەشداری لە هەلبژاردندا بکات، ئەوا هەموو جۆرە یارمەتییەکی فەلەستینییەکان رادەگرین.

رەنگە سەرکەوتنی حەماس لە هەلبژاردنەکاندا داوێکی زیرەکانەی ئەمریکاو ولاتانی رۆژئاوا بێت، کە لە جیاتی خۆتەقاندنەوەو نواندنی کاری توندوتیژی، بە بەریوەبردنی ئیدارەی فەلەستینییەوە سەرقالی بکەن، چونکە ئەمریکا باش دەزانێت کە بەبی هاوکاری دراوسی َ و هێزە سیاسییەکانی نێو فەلەستین کارەکەی بۆ ئەنجام نادرێت، هەر بۆیە سەرکەوتنی حەماس کاردانەوەیەکی نارەزایی، یا هەرەشەیەکی دەسەلاتی فەلەستینی کە بزووتنەوەی فەتح بەرێوەی دەبات لەدواوە نەبوو. بەدەستەوەدانی دەسەڵاتیش بە بزووتنەوەی حەماس، ئەمە بزووتنەوەکە ناچار دەکات ئەگەر بیەوێت سەرکەوتن بەدەست بێنیت بکەوێتە ژێر باری کۆمەڵە پابەندبوونێکی هەرێمی و نێودەولەتی و نواندنی چالاکی سیاسی، کە لە پێش هەموویانەوە تەنازول کردن بۆ ئەمریکا و پاشگەزبوونەوەی لە دروشمە شۆرشگێرییەکان و لە دوا رێگاشدا رازی بوون بە دانوستاندن لەگەل ئیسرائیلدا، کە بێگومان ئەمەش هانی سەرجەم بزووتنەوە ئیسلامیەکانی هاوشێوەی حەماس دەدات، بە کارەکانیاندا بچنەوەو رێگای ئەو بگرنە بەر، لە جیاتی کاری توندوتیژی، سندوقەکانی دەنگ دان بگرنە بەر بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

khalidgardy@yahoo. com